

کاتێك باران خۆشیکردەوە، هێشتا بەرانە بچکۆل دەگریا. خۆر لە پشت هەورەکان هاتەدەرەوە، خرپن وتی:
سەیرکە، خۆر هاتووە وشکمان کاتەوە. تیشکێکی سپی بەر چاوی بەرانە بچکۆل کەوت. بەرانە بچکۆل فرمێسکەکانی سڕی. خەریك بوو قسە بکات، خۆر پشتی گەرم داهێنا. هەوڵیدا دیسانەوە خۆی بنوێنێ، بەڵام خۆر قدیلە(ختوکە)ی گەردنی دا، بەرانەکە پێکەنینی هاتێ و وتی: تا بڵێی خۆر دڵفراوانە. من زۆر دڵخۆشم. خۆر قاقایەکی گەرمی بەبەرانەکە لێدا، هێندە گەرم هەموو فرمێسکەکانی وشکبوونەوە.





و. ئەرسەلان حەسەن
وێنە : سەرتیپ فەتاح

بەرانە بچکۆل بە شادیەوە سەیری دەورروبەری کردو بە خۆشییەوە وتی: دارستانێکی چەندە جوانە. ئاسمان چەند دڵگیرە. جوان سەیرکەن، ئەها بەچکە بەرانێکی شلومل و قەڵەو لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ! دەیبینن؟! هاوڕێیانی بەرانە بچکۆل توووند دەستیانگرت و بە شادییەوە وتیان: بەڵێ دەیبینین. بەرانە بچکۆل وتی: من ئێستا بەرانێکی بچکۆلە دەبینم کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە. خرپن وتی: هەروەها کەروێشکی بچکۆلەش! توکنیش بە پێکەنینەوە وتی: بەچکە ڕێوییەکیش.